حکومەتی هەرێمی کوردستان

زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی

کۆلیژی پەروەردە و زمان

بەشی زمانی کوردی

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی

# ڕەنگدانەوەی پەندی پێشینان لە شیعرەکانی پیرەمێردا

توێژەران:

ئاڤان عثمان فقی

کەژاڵ ایوب محمد

هیڤی واحید حەتەم

ئیسرا سادق یاسین

سەرپەرشت: م.محمد عمر

٢٠٢٣ی زاینی ٢٧٢٣ی کوردی ١٤٤٤ی کۆچی

# پێشکەشە بە

_ پێشکەشە بە دایک و باوک و خانەوادەکەمان.

_پێشکەشە بە هاوڕێ و دۆستانمان و ئەوانەی کە یارمەتیدەرمان بوون.

_پێشکەشە بە مامۆستای سەرپەرشتیارمان(م.محمد عمر ).

## سوپاس و پێزانین :-

سەرەتا سوپاس بۆ خوای گەورە کە هێز و توانای پێداین تاوەکو بتوانین خوێندنەکەمان تەواو بکەین.

سوپاس بۆ دایک و باوکمان کە هیلاک بوون تاوەکو ئێمە بگەیەنن بەم ڕۆژە سەرکەوتنی ئێمە بە هۆی ئەوانەوەیە.

سوپاس بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارمان (م. محمد عمر).

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەش | ١ |
| سوپاسنامە | ٢ |
| پێرست | ٣ |
| پوختە | ٤ |
| پێشەکی | ٥ |
| ناوەڕۆک | ٦ |
| یەکەم<br>1_1:ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی | ٧ |
| 1_2:چەمک و پێناسەی پەندی پێشینان | ٨ |
| 1_3:تایبەتمەندیەکانی پەندی پێشینان | ٩ |
| 1_4:مەبەست و ئامانجەکان لە بەکارهێنانی پەندی پێشینان | ١٠ |
| دووەم<br>2_1:ژیاننامەی پیرەمێرد | 13 |
| 2_2:سیمای شیعرەکانی پیرەمێرد | ١٥ |
| ٢ _3:جۆرەکانی شیعری پیرەمێرد | ١٦ |
| ٢_٤:شیعرەکانی پیرەمێرد لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە | ١٨ |
| سێیەم<br>٣_١:ڕەنگدانەوەی پەندی پێیشینان لە شیعرەکانی پیرەمێردا | ١٩ |
| ئەنجام | ٢٩ |
| سەرچاوەکان | ٣٠ |

## پوختە:

(ڕەنگدانەوەی پەندی پێشینان لە شیعرەکانی پیرەمێردا) ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە لەم توێژینەوەیەدا.باس لە پەندی پێشینان کراوە کە پیرەمێرد لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناوە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێت. لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە باسی (ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی) لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان باسی (ژیاننامەی پیرەمێرد) و هەروەها لە بەشی سێیەم باسی (ڕەنگدانەوەی پەندی پێشینان لە شیعردەکانی پیرەمێردا) کراوە، گرینگترین ئەو ئەنجامەی کە لە توێژینەوەکە پێی گەیشتووین .ئەوەیە کە پەندی پێشینان هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ شاعیری گەورە پیرەمێرد تاوەکو لە شیعرەکانی پشتی پێ ببەستێ و بەکاری بهێنێت بۆهۆشیارکردنەوەی نەوەی داهاتوو بۆ ئەوەی دووچاری کێشە نەبنەوە لە ژیاندا و پەند وەربگرن لە هەر هەڵەیەک کە ئەنجامیان داوە و سوود لە پەندەکان وەربگرن کە نەوە لە دوای نەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە ڕۆژانە لەسەر زاری خەڵکە.

## پێشەکی:

میللەتی کورد خاوەنی ئەدەبێکی جوان و پڕ بایەخە کە چەندەها شاعیر هەڵکەوتوون بەرهەمی گرنگیان پێشکەش بە ئێمە کردووە.

### 0.1 ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، هەر وەک،لە ناونیشانەکەیەوە دیارە:(ڕەنگدانەوەی پەندی پێشینان لە شیعری پیرەمێردا)، پەندی پێشینان بایەخ و گرینگی زۆری هەیە هەر بۆیە پیرەمێردی شاعیر لە شیعرەکانی بەکاری هێناوەو ڕەنگی داوەتەو ە .

### ١.١ هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هۆکارێکە بۆ زیاتر شارەزابوونی شیعرەکانی پیرەمێردو سوود وەرگرتن لەو پەندانەی کە بەکاری هێناوە تاوەکو ببنە ڕێنیشاندەرێک بۆ ژیانمان.

### ١.٢ سنووری توێژینەوەکە:

تەنیا مژاری پەندی پێشینانە لە شیعرەکانی پیرەمێرد کە ڕەنگی داوەتەوە و بەکارهاتوون.

### ١.٣ ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا،ڕێبازێکی وەسفی و شیکاری بەکارهێنراوە، بە شێوەیەک ،توانیوومانە بەشێک لە شیعرەکانی پیرەمێرد بخەینەڕوو شیکردنەوەیان بۆ بکەین.

### ١.٤ گرفتەکانی توێژینەوەکە:

بێگومان توێژینەوەکان زۆر کات دوو چاری گرفت و کێشە دەبنەوە ،گرفتەکانی توێژینەوەکەمان بریتی بوون لە دەست نەکەوتنی سەرچاوەی پێویست بۆ ئەم توێژینەوەیە، زمانی کوردی لە کۆندا بەرهەمە ئەدەبییەکانی بە پێی پێویست کۆنەکراوەتەوە چونکە پێشتر بۆیەکتریان گێڕاوەتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر هەر بۆیە لەوانەیە بەشێکی زۆری پەندەکان نەتوانرا بێت کۆبکرێنەوەو بمێنن هەر بۆیەش بەشێکی زۆری سەرچاوەکان دووبارە بوون چونکە تەنیا ئەوانە لەبەر دەست دا بوون.

# ناوەڕۆک

ڕەنگدانەوەی پەندی پێشینان لە شیعرەکانی پیرەمێردا

## بەشی یەکەم

١.١: ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی.

٢.١ : چەمک و پێناسەی پەندی پێشینان.

٣.١ : تایبەتمەندیەکانی پەندی پێشینان.

٤.١ : مەبەست و ئامانجەکان لە بەکارهێنانی پەندی پێشینان.

## بەشی دووەم

١.٢: ژیاننامەی پیرەمێرد.

٢.٢ : سیمای شیعرەکانی پیرەمێرد.

٣.٢ : جۆرەکانی شیعری پیرەمێرد.

٤.٢: شیعرەکانی لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە.

## بەشی سێیەم

١.٣: ڕەنگدانەوەی پەندی پێشینان لە شیعرەکانی پیرەمێردا.

## یەکەم

## ١_١:ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی:

((هەموو نەتەوەیەک لە جیهاندا خاوەنی ئەدەب و فۆلکلۆری تایبەت بەخۆیەتی، نەتەوەی کوردیش بە هەمان شێوە خاوەنی ئەدەب و فۆلکلۆری تایبەت بەخۆیەتی وەکو هەموو نەتەوەکانی تر گومان لەوەدا نەماوە کە نەتەوەی کورد لە فۆلکلۆردا یەکێکە لە نەتەوە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان))(د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:١٠:١٩٧٠).

هەر بۆیە دەبێت هەمیشە فۆلکلۆری خۆمان بە زیندوویی بهێڵینەوە و فەرامۆشی نەکەین.

((ژیانی تایبەتی گەلی کوردو وێنەی جیاواز و گۆڕانی زوو بە زوو لەم وێنانەدا ، بونەتە هۆی ئەم دەوڵەمەندیە هەروەک بوونی چەند دیالێکتێک هێندەی تر دەوڵەمەندی کردوە))(د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:١٩٧٠: ١٠).

زمانی کوردی خاوەن چەند دیالێکتێکە هەر ئەمەش وای کردوە ببێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی فۆلکلۆری کوردی .

((هەندێک جار لەناو فۆلکلۆردا بەشی بیر ،یا بەشی ئەدەب جیادەکەنەوە پێی دەڵێن (بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆری) ئەو بەرهەمەش ئەوەیە کە بەسەر زارەوەیە ، دەماو دەم و پشتاو پشت ، کوڕ لە باوکەوە ،منداڵ لە دایکەوە دەیبیستێت و دەمێنێتەوە لەبەر ئەمە ئەدەبی فۆلکلۆر بە بەرهەمی تاقە کەسێک دانانرێت ، بەڵکو دەدرێتە پاڵ هەموو میللەت ، فۆلکلۆر بەرهەمێکە ،کە هەموو گەل خولقاندویەتی ، بەرهەمی فۆلکلۆری ، شێوەیەکی سادەی وای هەیە کە هەموو گەل تێبگات ، شەقڵی تایبەتی ئەو گەلە یان ئەو زمان و دەوری خۆی پێوەیە))(کتێبی کوردی پۆلی ٩ی بنەرەتی:٢٠١٧: ١١٦).

ئەدەبی فۆلکلۆر کە دەماو دەم و پشتاو پشت ماوەتەوە لە کەسە بەتەمەنەکانمانەوە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بە زیندووی بمێنێتەوە لە ناو گەل .

### لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی چەند جۆرە ئەدەب هەیە.

### گرینگترین جۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی:

((١ -ئەفسانە ٢- هەقایەت ٣-گۆرانی ٤- گاڵتە و گپ ٥-مەتەڵ ٦-یاری. ٧-داستان ٨-پەندی پێشینان))
(کتێبی پۆلی ٩ی بنەرەتی:١١٧:٢٠١٧-١٣٩)

هەر جۆرێک لە جۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بایەخ و گرنگی خۆی هەیە.

## ١_٢:چەمک و پێناسەی پەندی پێشینان:

پەندی پێشینان جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ((پەندی پێشینان بریتیە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک ئەم پەندە هەمیشە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینەو لە کاری ڕەوشت و خوە، هەموو ڕاستیەک هەموو ڕوداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێک ، چاک یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئامانجێک کە میللەت پێی گەیشتبێ، دەربارەی هەرچیەک بێت ئەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە ))(د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:٧٨:١٩٧٠).

لە کۆندا کەسە بەتەمەنەکان بە تایبەت شتێکی باش یان خراپیان بەسەردا هاتبا قسەیەکیان لەبارەی ئەو شتەوە دەکرد تا وای لێهات خەڵکی زۆر بەکاری دەهێنا کاتێک هەمان کارەساتیان بەسەردا هاتبا بۆیە بوو بە پەندی پێشینان.

((گەنجینەی کوردان ، پەندی پێشینان بۆ پیر و لاو منداڵ و وردان))

((پەندی پێشینان بگرینە گوێمان با لەدیوار نوسرا بێ بۆمان))(محمد عارف مودەریسی:٩:١٣٨٥).

لەم دێرە هۆنراوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەندی پێشینان بۆ منداڵ و گەنج و پیرە تا بتوانین لە ژیانی ڕۆژانەدا سوودی لێ وەربگرین.

## ١_٣:تایبەتمەندیەکانی پەندی پێشینان:

نەتەوەیی کورد خاوەنی کۆمەڵێک پەندی جوان و واتادارە ئەو پەندانە چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە:-

((١- پەندی کوردی بەڵگەنامەو ئاوێنەی مێژووی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کوردە.

٢ -زۆربەی پەندە کوردیەکان ، پێوەرن بۆ پێوانی ڕادەی هۆشیاری و کارامەیی و لێ هاتوویی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد.

٣ -پەندی کوردی لە زۆر باردا بۆتە ڕابەر و ڕێبەر و ڕێنیشاندەری خەڵک و چارەی باشی بۆ کێشەو ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو خەڵکە دۆزیوەتەوە .

٤ -هەموو کات پەندی کوردی خوو ڕەوشت و ڕەفتاری چاکی لە ناو گەلدا چەسپاندووە و گیانی خۆشەویستی و هاوکاری زبارە و یارمەتیدانی لە دڵیاندا چاندووە .

٥ -بە گشتی پەندی کوردی وشە و پەیڤی ڕەسەنی کوردی دەگرێتە خۆی و لەم لایەنەوە دەتوانرێت سودێکی زۆری بۆ دارِشتن و هەڵسەنگاندنی وشەی تازە و ڕەسەنی کوردی لێوەربگرێت))(کتێبی کوردی پۆلی ٩ی بنەڕەتی:٢٠١٧ :١٤٠).

لەم تایبەتمەندیانە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پەندە کوردیەکان بەڵگەن بۆ مێژووی نەتەوەکەمان ،بۆ ڕووداوەکانیان پەندیان بۆ بەکاردەهێنا ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هێندە هۆشیار بوونە ئەوەندە باش لەم دونیا کاتیە تێگەیشتوون تا لەو شتانەی بەسەریان دێت پەند وەربگرن .

## ١_٤:مەبەست و ئامانجەکان لە بەکارهێنانی پەندی پێشینان:

باپیرانمان پەندی زۆر بە سودو جوانیان بۆ ڕۆڵەکانیان جێهێشتووە تا لە ژیانی ڕۆژانەیاندا سودی لێوەربگرن ئەو پەندانەش هەر یەکەیان مەبەست و ئامانجێکی لە پشتە .

((هەندێ پەند لەوانەیە خوێنەر بە کەمی بزانێ ئەگەر قسەیەکی ناشرین بێت بەڵام دیارە بۆ کەسی خراپ و ناشرین کردارو ڕەفتار ناشیرین وتراوە))(بەکر کانی هەمزەیی:٨:٢٠١٥).

هەر کەسێک کە ڕەفتاری نابەجێی ئەنجام دابا ئەوا پەندێکی ئاراستەکراوە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ پەندێک بەبێ مەبەست نەبووە .

لێرەدا هەندێک پەند دەخەینەڕوو کە لە ژیانی ڕۆژانە لەوانەیە بەکارمان هێنابێ کە هەریەکەیان مەبەست و ئامانجێکی لە پشتە.

### ((ئەو کەڵە شەکرەیی شکاندت دووبارەی مەکەوە))

((کردنی قسەیەکی ناخۆش و دڵ تەزێن بەرامبەر بە کەسێک کەسەکە زۆر تورە دەکات بە تایبەت لە ناو کۆمەڵدا ئەم قسەیە دەکرێ بەرامبەر بە هەڵەکەر یان کردنی قسەیەک بەرامبەر بە کەسێکی بێ دەسەڵات کە خۆی نەتوانێ وەڵام بداتەوە بەڵام کەسێک کە خۆی زۆر دڵسۆزێتی بۆ پارێزگاری لەم خزمە ڕوو دەکاتە کابرا ئەزانێ کە هەڵەی کردووە ،یان زۆر جار پیاوێک قسەی ناشرین بەماناوە بە ژنێک دەڵێ: ئاگات لە دەمت بێ بزانە چی دەشکێنی واتە نەکردنی قسەی زیاد بە بێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە بەم شێوەیە هەستی کەسی بەرامبەر بریندار دەکەن))(بەکر کانی هەمزەیی: ٢٠١٥:٤٨).

زمان ئێسکی نییە بەڵام دەتوانێ شتی گرنگ بشکێنێت وەک دڵ بۆیە تا دەکرێت قسەی ڕەق بە کارمەهێنن تاکو هەستی کەس بریندار نەکرێت.

**((ئاو بتبات لە پردی نا مەرد مەپەڕەوە))**

((**چونکە کە ئاو بردتی یەک جار ئەمریت بەڵام کە لە پردی نامەرد پەڕیتەوە تا ئەو ڕۆژەی ئەمریت هەموو ساتێکت مردنێکە**))(**شێخ محەمەدی خاڵ:٢١:١٩٥٧**).

**مرۆڤ هەیە هەر کە چاکەیەکی لەگەڵ کردی هەر کە بتبینێت بە بیرت دێنێتەوە منەت دەکات بەسەرتەوە ئەم پەندە بۆ کەسی نامەرد وتراوە.**

**((ئەوەی پێم ئەکرد خێر، لێم بوو بە گورگ و شێر))**

((**بە یەکێ ئەڵێیت ،کە خراپەت لەگەڵ بکات، دوای ئەوەی کە تۆ چاکەت لەگەڵ کردبێ**))(**شێخ محەمەدی خاڵ:٥٩:١٩٥٧**).

**ئەم پەندە ئاراستەی ئەو کەسانەکراوە کە بەردەوام باشەیان لەگەڵ دەکەیت و یارمەتیان دەدەیت دواتر لە پشتەوە خەنجەرت لێ دەدەن.**

**((درۆ هەر قابیلی پیاوی گەورەیە))**

((**ڕۆژێک لە کۆڕێکی جوامێر و پیاو ماقوڵان قسە قسە ڕادەکێشێت، قسە هاتە سەر درۆ کردن ،کێ درۆی دەکات بۆ چ درۆ دەکرێت؟**))

((**دەمڕاستی کۆرەکە گوتی:درۆ هەر قابیلی پیاوی گەورەیە هەندێک لێی ڕاست بوونەوە، چۆن وا دەڵێیت؟ دەمڕاست گوتی:پیاوی هەژار کەس بەڕاستی باوەر ناکات، نۆبەتی درۆیە، پیاوی گەورە، دەوڵەمەند، بۆی پنج دەکرێت**))(**عومەر شێخەڵا دەشتەکی:٧٢٠٧٣:٢٠٠٦**).

**کاتێک کەسێکی دەوڵەمەند درۆ دەکات لە لای خەڵکی بۆی پنج دەکرێت چونکە دەوڵەمەندە بە گەورەی دەزانن.**

**((ئاڵتوون لە قوڕدا دیارە))**

**((قوڕ ئاڵتوون ناشارێتەوە بۆ باسکردنی جوانی ئافرەت و ڕێک و پێکی ڕەفتاری بەکار ئەهێنرێ پاک بە و مەترسە ژنی جوان یان کرداری جوان هەر دیارە))(شەوکەوت مەلا ئیسماعیل حەسەن:٢٠٠٩:٢٢).**

**مەبەست لەم پەندە ئەوەیە کە شتی بە بەها و بە نرخ لە نێو شتە بێ بەهاکان دیارن و دەدرەوشێنەوە وەک ئاڵتون.**

**((بگرمێنە و مەبارێنە))**

**((هەڕەشەکردن و توڕەبوون بەڵام بێ ئەوەی کەسی بەرامبەر زیانی مادی و جەستەیی پێ بگات یان ڕێنمایی کەسێکە بۆ دەسەڵات دارێک بۆ ئەوەی لەگەڵ بەردەستەکانیدا چاک بێت یان بۆ کردنی کارێک و ڕاپەڕاندنی ، یان ژن بە پیاو دەڵێ: توڕە بە لە مناڵەکان با ئازاری جەستەیان نەبێ))(بەکر کانی هەمزەیی:٢٠١٥:٦٤).**

**مەبەست لەم پەندە ئەوە بوو کە لە کاتی توڕەبووندا هیچ کردارێکی هەڵە ئەنجام نەدەیت بەرامبەر بە کەسێک کە لێی توڕەیە.**

**دووەم**

## ٢_١: ژیاننامەی پیرەمێرد:

ئێمەی نەتەوەیی کورد خاوەنی چەندەها شاعیرین کە خاوەنی بەرهەمی جوانن یەکێک لەو شاعیرانە پیرەمێردە.

ئەم شاعیرە بەرهەمەکانی تاوەکو ئەمڕۆش هەر زیندوون.((خولیای شیعرو ئەدەب هەر لە منالییەوە لەگەڵ پیرەمێردا ژیاوە، بەهرەیەکی خاوێن و مەزن ئاوێتەی گیانی بووە و داهێنانی فرەی پێ بەخشیوە))(ئومێد ئاشنا: ٢٠٠١:٥١).

لەبەر ئەوەی لە منداڵیەوە حەزو ئارەزووی لەسەر ئەدەب هەبووە ئەمەش وایکردووە ئەو بەرهەمانە تاوەکو ئەمڕۆش لەسەر زاری خەڵک بمێننەوە.

((حاجی تۆفیقی کوڕی مەحمود ئاغای مەسرەفە ، لە ساڵی ١٨٦٧ز لە شاری سولەیمانی لە دایکبووە و لە زۆربەی مزگەوتەکانی سولەیمانی خوێندوویەتی))(کتێبی کوردی پۆلی ٩ی بنەڕەتی:٢٠١٧:١٦٤).

پیرەمێرد یەکێک بووە لە شاعیرەکانی شاری سولەیمانی لەم شارە لە دایک بووە.

((لە نوسینی فارسی دەستێکی باڵای هەبووە))(کتێبی کوردی پۆلی ٩ی بنەڕەتی:٢٠١٧:١٦٤).

شاعیرەکانمان شارەزاییان لە چەندەها زمان هەبووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەردانی وڵاتەکانیان کردووە یان زمانی وڵاتانی دراوسێیان زانیوە کۆمەڵێک لە وشەکانیان لە شعرەکانیان بەکارهێناوە .

((هەر زوو دەستی بە ڕۆژنامەنووسی کردووەو ڕۆژنامەی (کورد) لە ئەستەمبوڵ بەڕێوەبردووە،ئینجا بووە بە قایمقامی(جۆڵە مێرگ)و دەبێتە پارێزگاری (ئەماسیە) لە تورکیا))(کتێبی کوردی پۆلی ٩ی بنەڕەتی:٢٠١٧ :١٦٤).

بە هۆی زیرەکی و شارەزایی پیرەمێرد توانیویەتی لەو کاتەدا ببێتە قایمقام و پارێزگار و کارەکان ڕاپەڕێنێ.

**((ڕۆژنامەی ((ژیان)) لەسلێمانی لەلایەن شارەوانییەوە بڵاو دەکرایەوە ،کارگێڕو نووسەری حوسێن نازم بوو . حاجی تۆفیق لە کاروباری بەڕێوەبردن یارمەتی دەدا تا ساڵی ١٩٣٢ز لە پاش کۆچی دوایی حوسێن نازم ڕۆژنامەکە کەوتە دەست حاجی تۆفیق))(د.مارف خەزنەدار:١٠١:٢٠٠٥).**

**بێجگە لەوەی کە پیرەمێرد توانی ڕۆژنامەی کورد بەڕێوەببات لەدوایی توانیویەتی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی ژیانیش لە ئەستۆ بگرێت.**

**((لە رۆژی ١٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٠ دا ، لە سەعات چواری پاش نیوەڕۆ ، بەرانبەر بە چواری ڕەمەزانی ١٣٦٩ی کۆچی بەهۆی نەخۆشی شەکرە و گورچیلە لە تەمەنی هەشتاو سێ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات))(ئومێد ئاشنا:٥٠:٢٠٠١).**

**لە پاش هەوڵ و ماندوو بونێکی زۆر و خزمەتکردن بە ئەدەبی کوردی پیرەمێرد گیانی پاکی بە خاک دەسپێردێت.**

## ٢_٢:سیمای شیعرەکانی پیرەمێرد:

((هۆنراوە یان نوسینەکانی پیرەمێرد کە چەندین سیما و مەبەستێکیان پێوە دیارە لە هۆنراوەو نوسینەکانیدا ، کوردیەکی پەتی و ڕەوانی بەکار هێناوە ،شارەزایی لە هەموو شێوەکانی زمانی کوردی هەبووە))(کتێبی کوردی پۆلی ٩ی بنەڕەتی:١٦٦:٢٠١٧).

بەکارهێنانی کوردییەکی پەتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تاکو کۆمەڵانی خەڵک بە ئاسانی لە مەبەستەکانی تێبگەن .

((شعری وەرگێڕاو لە زمانێکی دیکەی بێگانە یا دیالێکتی دیکەی زمانی کوردی ))(د.مارف خەزنەدار:١٠٦:٢٠٠٥).

هەندێک کات شاعیر یان نووسەر کاریگەر دەبێت  بە شیعرێکی زمان و وڵاتێکی جیاواز بۆیە هەوڵ دەدات کە وەریبگێڕێتەوە سەر زمانی وڵاتەکەی خۆی تاوەکو جوانی ئەو شیعرو پارچە نوسینە بە خوێنەر نیشان بدات پیرەمێرد بە هەمان شێوە چەند پارچە شیعری بە زمان و دیالێکتی تر وەرگێڕاوە .

## ٢_٣: جۆرەکانی شیعری پیرەمێرد:

((پیرەمێرد کۆمەڵێک قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی ئەدەبی میللی سەر زاری کوردی بە شیعر هۆنیوەتەوە)) (د.مارف خەزنەدار:١٠٩:٢٠٠٥).

بێگومان پیرەمێرد گرینگی زۆری بە بەکارهێنانی پەندی پێشینان داوە لە شیعرەکانی بە مەبەستی ئەوەی سودێک بە کۆمەڵگا بگەیەنێ .

(( بەشی هەرە زۆری هۆنراوەکانی ،دەکەونە خانەی ڕۆمانتیکەوە ،ئەمەش لەبەر کاریگەر بوون بە ئەدەبیاتی تورکی بوو ،چونکە پیرەمێرد شارەزاییەکی تەواوی تێدا هەبووە))(کتێبی کوردی پۆلی ٩ی بنەڕەتی:٢٠١٧: ١٦٦).

لەبەر ئەوەی پیرەمێرد سەردانی تورکیای کردبوو ئەمەش هۆکارێک بووە تاکو بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەو وڵاتە شارەزاییەکی باش بەدەست بهێنێت .

((لە هەموو مەبەستەکانی هۆنراوەدا بەرهەمی هەیە، وەکو کۆمەڵایەتی ، ئەڤینی ، نیشتیمانی و .....تد ، بێجگە لەوەش بەشێکی زۆری پەندی پێشینانی کوردی کردووە بە هۆنراوە بڵاویکردووەتەوە))(کتێبی پۆلی ٩ی بنەڕەتی:١٦٦:٢٠١٧) .

پیرەمێرد هەوڵی داوە لە هەموو مەبەستەکان بەرهەمی جوان پێشکەش بکات و بخاتە ڕوو.

((لە شێوەی تایبەتیشدا ئازاری مرۆڤ و خاک ،گیانی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی لە گەڵێ لە شیعرەکانی دا دیارە)) (ئومێد ئاشنا:٦٤:٢٠٠١).

هەمیشە هەوڵیداوە لە شیعرەکانیدا ئەو بارودۆخە بخاتە ڕوو کە گەل و نەتەوەکەی پێیدا تێپەڕبوون کە ئەمەش وایکردووە سیمای نەتەوەی و شۆڕشگێڕی بە شیعرەکانیەوە دیاربێت.

**((شێوەی دارشتنی کێشی خۆماڵییەکە (١٠) برگەیەو زۆربەی زۆری شیعری فۆلکلۆری کوردی بەو کێشە وتراوە دەماو دەم ماوەتەوە و هەتا لە دواییدا کە نووسین و خوێندنەوە لە کوردستان برەوی سەند ئەو فۆلکلۆرە دەماودەمیە نوسرایەوە))(ئومێد ئاشنا:٦٥:٢٠٠١).**

**بایەخی بە کێشی خۆماڵی داوە چونکە پێشتر بەرهەمەکان دەماو دەم دەمانەوە کەسێک بۆ کەسێکی تری دەیگێڕاوە تا وای لێهات دواتر ئەو بەرهەمانە کە بەزار گوترابوون دواتر نوسرانەوە .**

**((لە هۆنراوەو پەخشانەکانی دا ،هەوڵیداوە لە کۆمەڵانی خەڵک نزیک بێتەوە و بەرهەمێن خۆ ب زمانێ وان بنڤیسیت ،داکو هەمی لێ تێبگەن و چەشە و خۆشی ژ شیعرو پەخشانێ وی وەربگرن))(کتێبی پۆلی ٩ی بنەڕەتی: ١٦٦:٢٠١٧).**

**هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە ئەو بەرهەمانەی کە دەخاتە ڕوو بۆ ڕوحی مرۆڤ بنووسێت هەر لەبەر ئەمەش هەوڵی داوە لە خەڵک نزیک بێت و خەڵکی چێژ لەو بەرهەمانەی ببینن کە دەیخوێننەوە یان دەیبیستن .**

**((شیعری پیرەمێرد لە ڕووی ڕوخسارەوە ،لە بابەتە هونەریەکانەوە ئەوانەی پەیوەندییان بە بەحری عەرووزو کێشی سیلابی خۆماڵییەوە هەیە ئەگەر چی هەموویان بەر چاو ناکەون ، بەڵام ئەوانەی هەن دەوڵەمەندن ،چونکە تازەکردنەوە و داهێنانیان تێدایە))(د.مارف خەزنەدار:١٠٩:٢٠٠٥).**

**لە ڕووی ڕوخسارەوە پیرەمێرد زیاتر پەیڕەوی کێشی خۆماڵی کردووو و هەروەها نوێکردنەوەشیان تێدا بە بەرچاو دەکەوێت .**

## ٢_٤: شیعرەکانی پیرەمێرد لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە:

**لە ڕوخساردا چەند بابەتێک لە شیعری پیرەمێرد دەبینرێت .**

**((غەزەلی کورتی بەحری عەرووزی و یەکێتی قافیەی هەیە ،تەرجیح بەند ، شیعری سەربەست ،شیعری بێ نوختە، شیعری لیریکی خۆماڵی))(د.مارف خەزنەدار: ٢٠٠٥:١٠٩_١١٢).**

**بە شێوەیەکی گشتی پیرەمێرد لە شیعرەکانی لە ڕووخساردا ئەو بابەتانەی تێدا بەرچاو دەکەوێت .**

**((هەروەها شیعرەکانی پیرەمێرد لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە چەند بابەتێک لەخۆ دەگرێت ((زۆرترین مەبەست و بابەت و هونەرە کلاسیکیەکانیان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە شیعردا بەکار هێناوە))(د.مارف خەزنەدار: ٢٠٠٥:١١٢).**

**زیاتر هەوڵی بەکارهێنانی هونەری کلاسیکی داوە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تاوەکو سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێ چونکە هونەر و بابەتە کلاسیکیەکان هەمیشە بە زیندووی دەمێننەوە .**

**بە شێوەیەکی گشتی بابەتەکانی پیرەمێرد پێک دێن لە((شیعری ئایینی ،وەسف و دڵداری، کۆمەڵایەتی، نیشتیمانی، پێداهەڵدان و شیعری موناسەبات، سروود و بەستەو گۆرانی، بەیت و باڵۆزە و گاڵتەو گەپ و مەتەڵ)) (د.مارف خەزنەدار:٢٠٠٥:١١٢_١١٤).**

**لە ناوەڕۆکدا هەمیشە دەبێت شاعیر هەوڵی ئەوە بدات کە ناوەڕۆکێکی زۆر باش هەڵبژێرێت ،پیرەمێرد لەم ڕووەوە هەوڵی داوە لە ناوەڕۆکدا چەندین بابەتی گرینگ پێشکەش بکات و بخاتەڕوو ناوەڕۆکی وای هەڵبژاردووە کە لە روحی مرۆڤ تێگەیشتووە.**

**سێیەم**

## ٣_١: ڕەنگدانەوەی پەندی پێشینان لە شیعرەکانی پیرەمێردا:

پەندی پێشینان لە بەشێک لە شیعرەکانی پیرەمێرد ڕەنگی داوەتەوە تاوەکو ببنە مایەی سوود بۆئێمە ((پەندی پێشینان کۆمەڵە ئامۆژگارییەکی کاریگەرو ڕێک وپێک وپرشنگدار و بە نرخە))(عەلی معروف شارەزووری: ١٩٨١:٧).

لەبەر ئەوەی پەندی پێشینان کۆمەلێک ئامۆژگاری بەنرخن هەر بۆیە بەشێک لەو شیعرانەی پێرەمێرد دەخەینەڕوو شیکردنەوەی بۆ دەکەین کە پەندی پێشینان ڕەنگی داوەتەوە.

((بەگشتی لەم ڕووەوە ئەم مەبەستانە لە شیعری پیرەمێرد بەرچاو دەکەون:

١-شیعری ئایینی(موناجات،ئیلاهییات).

٢ -وەسف و دڵداری.

٣-کۆمەلایەتی.

٤-نیشتیمانی(کوردایەتی).

٥-پێیدا هەڵدان و شیعری موناسەبەت.

٦-سروود و بەستە و گۆرانی.

٧-بەیت و بالۆرە و گالتەو گەپ و مەتەڵ.

(د.مارف خەزنەدار:١١٢:٢٠٠٥-١١٤)

ئیمە ئەو شیعرانە دەخەینەڕوو کە پەندی پێشینانی بەکارهێناوە.

**((هێندە بەرز مەفڕە، بڵێن:بێ باکە دیارە بێ باکی هەر بۆ خوا چاکە))(کاکەی فەلاح:١٩٨٢:١٤٦).**

**لێرەدا مەبەستی پیرەمێردی شاعیر ئەوەیە کە مرۆڤ نابێت هەرگیز لە ژیاندا زۆر بەرز بفرێت و لوت بەرز بێت و خۆی بەگەورە بزانێت بە تایبەت کاتێک دەبێیتە خاوەنی شتێک سەروەت و سامان بێت یان هەر شتێکی تر چونکە خودا دەتوانێ زۆر بە ئاسانی لێی بسەنێتەوە کەواتە گەورەیی و بێ باکی هەر بۆخودا چاکە.**

**((کە تۆ لەگەڵ خەڵک بەبوغزو کین بی سەرم لەکاری خودا سووڕ ماوە دەوران دەورانە و ئێمە بێ صەبرین)) (فائق هوشیار:٤٣:١٩٩٥).**

**مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە تۆ چەند خراپەکاربیت لەگەڵ خەڵکی و دڵ ڕەق بیت خودا کارێکی وا دەکات کە تۆ چیت بەسەر خەڵکدا هیناوە بەهەمان شت بەسەر تۆ دا دێتەوە دونیا دەورانە ئێمە دەبێت سەبر و تەحەمولمان هەبێت.**

**((پیاوێکی کورد چوو بۆ بەسرا**

**سبەینان شیری ئەگێڕا**

**یەکا و یەک ئاوی تێ ئەکرد**

**قازانجی زۆری لێ ئەکرد**

**سەرمایەی بوو بە سەد لیرە**

**هەستا بێتەوە بۆ ئێرە**

**سواری پاپۆر بوو بۆ بەغدا**

**شەوێک لەبەر مانگە شەودا**

**خەریک بوو پارە بژمێرێ**

**خودا خراپەی بۆ خراپ ئەنێرێ))(ئومێد ئاشنا:٢٠٠٩:٥٢).**

**مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە بەفێڵ کردن لە خەڵکی ببێتە خاوەنی سەروەت و سامانی زۆر هەرچەندە دڵیشت پێ خۆش بێت لەکۆتایدا خوا خراپ بۆ خراپ ئەنێرێت هەمووی لێ دەستێنێتەوە.**

**((لە قاپی نامەرد مەکە "دمق ولباب" بێ گۆشت بە،نەوەک منەتی قەساب))**(ئومێد ئاشنا: ٩:٢٠٠٩).

**لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پێویستیمان بە یارمەتی کەسێک بوو هەرگیز داوای یارمەتی لەنامەرد مەکە چونکە ڕۆژێک دادێت بە چاوت دادەدات هەرگیز منەتی نامەرد هەڵمەگرە.**

**((تا گەورەتر بی خەفەتت زۆرە کاتێکت خۆشە بکەویە نۆرە گەورەی ئێستا دەردەسەریە))(ئومێد ئاشنا:٢٠٠٧:٢٢).**

**مەبەستی پیرەمێرد لێرەدا ئەوەیە هەرچەندە مرۆڤ گەورەتر بێت خەم و خەفەتی زۆرترە ژیان بەشێوەیەک قورستر دەبێت بۆیە دەبێت خاوەن هێز و ئیرادەبین تا بتوانی سەربکەویی بەسەر ناخۆشیەکاندا ساڵ بەساڵ لەگەڵ زیادبوونی تەمەن کێشە و دەردەسەری ژیان لەگەڵی زیاتر دەبێ.**

**((خودا کە شەو دێنێ ڕۆژ ئەباتەوە پەردەی تاریکی دا ئەداتەوە))**(فائق هوشیار:٨٤:١٩٩٥).

**لێرەدا مەبەست ئەوەیە ئەگەر ڕۆژێک کەوتیە ناو خەم و ئازار و ناخۆشیەک لە دوایی دا کە بارۆدۆخەکە گۆڕا بۆ باشتر هیچ کێشە و خەمێکت نەما نرخی ئەو کاتە بزانە هەمیشە دەبێت سوپاسگوزار بی چونکە لە پاش هەر ناخۆشیەک خۆشیەک دێت کە بووە بەیانی ڕۆژت لێ بووەوە قەدری بزانە.**

**((پارە خەرجی کەی ،دەبڕێتەوە بە خەرج نەکردن کۆ دەبێتەوە مەعاشی بەلاش،بێ پیتەو بێ خێر))**(ئومێد ئاشنا:٢٠٠٧:٨).

**لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە پارە کۆدەبێتەوە ئەگەر بێت و لەشتی پڕو پوچ بەهەدەر نەدەیت بەڵام پارەیەک بە هەوڵ و ماندووبونی خۆت کۆکردبێتەوە بەڵام بە شتی پڕو پوچ بە فیڕۆ بدەی ئەوا زوو دەبڕێتەوە و ئەو پارەی بە هەوڵ و ماندوبوون بەدەست دەهێنی پڕ خێرو بەرەکەتە بەرامبەر ئەو پارەی کە بەلاشەو هیچ خێرو بەرەکەتی نیە.**

**((ئەوی ئەیەوێ سەری نەیشێ بە قەد بەڕەی خۆی پێ ڕادەکێشێ))**(کاکەی فەلاح:١٤٤:١٩٨٢).

**لێرە دا ئامانجی سەرەکی لەم پەندەدا ئەوەیە مرۆڤ پێویست ناکات تەداخولی ژیانی کەسانی تر بکات وخۆی توشی ژانەسەر بکات پێویستە مرۆڤ بۆ خۆی بژی تاوەکو دوچاری هیچ کێشەیەک نەبێت.**

**((دەرخۆنەی سەری دیزە لاچووە ئەڵێن پشیلە سوور کەتنی کردووە**

**سەگ لە پشیلە بەوەفاترە کەچی پشیلە قەدری زیاترە))**(کاکەی فەلاح:١٩٨٢:٤٢).

لەم پەندەدا ئەوە دەگەینێت ئەو کەسانەی خراپە دەکەن هەمیشە نرخیان زیاترە و بەقەدرترن لەوانەی کە چاکە دەکەن و باشن.

**((تۆچاکە بکە و بیدە بە ئاوا**

**خەڵکیش نەزانێ لای خودا نووسراوە))**(کاکەی فەلاح:١٩٨٢:٥٢).

مەبەست لەم شیعرەدا ئەوەیە کە لە ژیاندا هەمیشە مرۆڤ دەبێت چاکە بکات تەنانەت بەرامبەر ئەو کەسانەی کە خراپن یان خراپەیان کردووە لەبەرامبەر ئێمە دەبێت هەمیشە چاکەکار بین بەرامبەریان ئەگەر ئەوان منەتیشیان پێ نەبێت چونکە خودا هەموو شتێک دەبینێت هیچ شتێک لای ئەو ون نابێ.

**((هەرچەندە دۆست لەلات وەک برا و کەسە**

**کە زانیت شەوە و دزت لە دەورە))**(فائق هوشیار:١٩٩٥: ٥).

لەم پەندەدا باس لەوە دەکات کە هەرچەندە کە خاوەنی هاوڕێ و دۆستی زۆر بیت مەرج نیە هەموویان کەسی باش بن لەگەڵت چونکە لەوانەیە لە پشتەوە ڕۆژێک خەنجەرت لێ بدەن.

**((دونیا کەوتۆتە خەم و دڵتەنگی**

**هاتووە بەیەکدا وەکو مووی زەنگ))**(کاکەی فەلاح:١٩٨٢:١٧٠).

مەبەست لەم پەندەدا ئەوەیە کە دونیا بەشێوەیەک ئاڵۆز بووە خەڵکی هەموو خاوەنی خەم و خەفەتێکن کە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەموویان بەدوای دونیاوە کەوتوون دونیاکەی تریان بیرچۆتەوە ئەمەش بۆتە هۆکارێ تاکو خاوەن خەم و خەفەت بن لە ژیان تەنانەت خەڵکی وا هەیە خەم لەشتی پڕو پوچ دەخوات کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە خاوەن دڵتەنگی زۆر بێتەوە لە ژیان.

**((ئەو سەرکردەیەی بە ڕاست ئینسانە**

**بەڵام نەک قەومی توش کا و خۆی ڕاکا))(فائق هوشیار:٤٩٨:١٩٩٥).**

**مەبەستی پیرەمێرد لێرەدا ئەوەیە کە باس لەو کەسانە دەکات کە دەسەڵاتدارن کە خاوەن دەسەڵات و شکۆن دەبێت هەمیشە خەمی گەل و نەتەوەی خۆیان بن نەک خۆی لە کێشەکان بشارێتەوە دەسەڵاتداری باش و سەرکەوتوو ئەوەیە کە خەم خۆری گەل و نەتەوەی خۆی بێت.**

**((شەیتان لە بەرگی فریشتە دایە**

**وەرە سەیر کە چۆن ئابڕوویان تکا))(فائق هوشیار:١٩٩٥: ٣٢).**

**لێرەدا مەبەست ئەوەیە هەندێک کەس خۆیان وەکو فریشتە دەنوێنن وایە خاوەنی دوو ڕوون بەلام لە ڕاستیدا شەیتانی ڕاستەقینەن واتە دوو ڕوویان هەیە لە بەرامبەر تۆدا ڕوویەکی باش بەکاردەهێنن بەڵام لە دواوەی تۆ هەمیشە ڕووی خراپ بەکاردێنن کە قسەت لەسەر دەکەن ئابڕوت دەبەن.**

**((ئەگەر سەعاتت زۆر دەستی لێ دەی**

**ئاخری تێک ئەچێ ئەبێ فڕێ دەی))(فائق هوشیار:١٩٩٥ :٣٢)**

**مەبەست لێرەدا دەتوانین مرۆڤ بە نموونە وەربگرین هەرچەندە نرخێکی زۆر بە مرۆڤەکان بدەین لە کۆتایی دا خۆیان بێ نرخ دەکەن لەلامان وادەکەن کە پاشگەز بینەوە لەو هەموو گرینگی پێ دانە وایان لێ دێت کە شایەنی ئەوە بن کە فڕێیان بدەین چونکە هیچ نرخ و بەهایەکیان نامێنێت کاتێک کە گرینگی ئەو شتانە نازانن کە پێیان دەبەخشی تەنها قابیلی فڕێدانن.**

((بەدونیا ئەڵێن:چەند بێ وەفایە

هەرچی کە دەستی بەیتێ دونیایە))(کاکەی فەلاح:٤٠:١٩٧٠).

گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بکەین بۆمان دەردەکەوێت باسی ئەو کەسانە ئەکات کە تا دوێنی منەتباری ئێمە بون، ئەمرۆکە بوون بە خاوەن ماڵ وسامان و بێوەفاو نا ئەسڵ دەرچوون.

((ئەلێن باخەڵت پربێ لە پارە

خزم و بێگانەت لە دەورەو دیارە

من ئەڵێم دۆستێ کە بۆ پارە بێ

ئەبی چاو برسی و گەدا چارەبێ))(فائق هوشیار:٧١:٢٠٠٧)

گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بکەین بۆمان دەردەکەوێت پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت:گەر باخەڵت پڕ بێت لە پارە هەمیشە خەڵکانێک لە دەورەتن کە پارە نەما ئەوانیش نامێنن. جا ئەم کەسانە نەبن باشترە وەک لەوەی هەبن .

((لەڕووی جیهاندا،تۆ وەرە پاک بە

ئەوسا لە وتەی خەڵکی بێ باک بە

هیچ کەس لە وتەی خەڵک رزگار نابێ!

پیاوی ڤین لە زگ،قەت بەیار نابێ))(فائق هوشیار:١١:٢٠٠٧)

گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بکەین بۆمان دەردەکەوێت. گرینگە مرۆڤەکان لە دونیادا پاک بن ئینجا ئەزانن پاکی چییە مرۆڤ هەمیشە ئەبێ دڵپاک بێ قەت نەبوە کەسێکی ڤین لە دڵ و بەتەماح خاوەن دۆست بێ ،بەڵکو مرۆڤی خاوەن دڵ ودەرونێکی باش خاوەن دۆست و یارن.

**((ئاگری درۆزن ساتێک گڕ ئەگرێ**

**بەڕا هەر لەلای تەنکی ئەدرێ**

**لە پردی نامەرد مەپەڕەرەوە**

**جەردە رووتێکا با لەو بەرەوە))**(محەمەد رسول هاوار:٢٠٠:٢٠٠٧).

**گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بکەین بۆمان دەردەکەوێت . لەو کاتەی درۆزنەکان ڕسوا دەبن لە هەمووﻻیەکەوە شەرمەزارییان بۆ دەمێنێتەوە، ئەگەر دزەکان بێن هەموو ماڵەکەت بدزن پێویست ناکا داوای هاوکاری لە کەسانی نامەرد بکەیت.**

**((هەر کچانی خوێندەوارە**

**میللەتی پێ سەرەکەوێ**

**تەربیەی منداڵ هیوایە**

**پێشرەویمان بەرەکەوێ))**(محەمەد رسول هاوار:٣١:٢٠٠٧).

**گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بکەین بۆمان دەردەکەوێت. هەمیشە کچانی خوێندەوارن میللەت پێش دەخەن و مناڵەکانیان بە جوانترین شێوە پەروەردە دەکەن و ئەبن بە کەسانی زانا وبلیمەت.**

**((ڕۆژوو ئەگرێت، کەچی لە نوێژ بێزاوی**

**بە فتوای شێخ یەکانەی دەم بەسراوی))**(محەمەد رسول هاوار:٢٠٠٧: ٢٧).

**گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بکەین بۆمان دەردەکەوێت .خەڵکانێک هەن لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژوون بەڵام لە نوێژەکان بێزارن،ئەم کەسانە نەک لەبەر ئەوەی خودا لە خۆیان ڕازی بکەن، تەنها بە قسەی مەلاو شێخ ئەکەن .**

**((حالی دونیا،هەر چۆنێک بێت دێتە بەر**

**تێدەپەڕێ شا و گەدا ئەیبەنە سەر))(محەمەد رسول هاوار:٢٠٠٧: ٢٧).**

**گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بکەین بۆمان دەردەکەوێت .حاڵی دونیا هەر چۆنێک بێت هەر دەڤەتێت، فەقیرو دەوڵەمەند ئەم دونیایە هەر بەجێ دێڵن بەڵام هەر یەک بە ڕۆژی خۆی هیچ یان نامێنن.**

**((ئەم فەصلە کەوا دەڵێن بەهارە**

**خوا ئەم چوار فەصڵەی بۆیە وا دانا**

**هیچ کەسێ لەسەر حالی نامێنێ**

**ئینسان لە نیسان دروست کراوە))(فائق هوشیار: ٨٨:٢٠٠٧).**

**گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بکەین بۆمان دەردەکەوێت. وەرزی بەهار کە وەرزی بەهار و جوانیە خودا بەهاری بە جوانی دروست کردوە مرۆڤەکانیش هەمیشە بە جوانی و دڵ پاکی لە دایک ئەبن واتە بێ تاوانن وەک ئەوە وایە لە بەهاردا لەدایک بو بن بەڵام کە گەورە بوون دەگۆڕێن وەک ئەوە وایە لە بەهارەوە ببێتە هاوین ئینجا پایز و زستان.**

**((قەدری خۆت زیاد کە بە قەدرزانیی**

**وەک گلێنەی چاو عالەم دەبینێ))(فائق هوشیار:٢٠٠٧: ٥٧).**

**گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بکەین بۆمان دەردەکەوێت . ئەگەر تۆ قەدری خۆت گرت ئەوکاتە هەمووان قەدرت دەگرن ئەو کات هەموو خەڵکانێک بە جوانی دەیبینێ.**

((ئەمە دووجارە ئەکەوینە چاڵ

هێشتا پیاوی چاک لێک ناکەینەوە

تا ئیمرۆ پیاوی خۆمان نا ناسین

هەندێکمان هەیە دور دەقەلێشن))(فائق هوشیار:٤٥:٢٠٠٧ ).

گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بکەین بۆمان دەردەکەوێت. دووەم جارمانە ئەم هەڵەیە دووبارە ئەکەینەوە و دەکەوین سەبەب ئەوەیە کەسە باش و خراپەکانی دەوروبەرمان لێک جیا ناکەینەوە کە خەڵکانێک هەن لە دەوروبەرمان دوو ڕوون.هەمیشە هەوڵی شکاندنمان ئەدەن.

((هەموو دەبینە فریشتەی تەنیا

هیچ کەس نامێنی ڕوو بکاتە دنیا))(کاکەی فەلاح:١٩٨٢: ١٠٩).

گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بکەین بۆمان دەردەکەوێت . هەمووومان کە خۆمان پیشانی خەڵک ئەدەین وا خۆمان پیشان ئەدەین کە فریشتەین هیچ کەس نیە لە من باشتر و دونیا بەلامەوە گرینگ نییە.

((هەرچی چاکەی کرد، چاکەی دێتەرێ

درەخت بنێژی دیارە بەر ئەگرێ))(کاکەی فەلاح:١٩٨٢: ١١٨).

گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بکەین بۆمان دەردەکەوێت . هەر چاکەیەک بکەیت خودا و خەڵکیش بە چاکە وەڵامی چاکەکەت دەدەنەوە دار چاندن نمونەیەکی چاکە چونکە کە دارەکە بەری گرت خەڵک لە بەرەکەی دەخوات لای خوا بۆت بەخێر دەنووسرێ.

**((كە باوەرت بێ هیواشت ئەبێ**

**كە بێ باوەڕ بی چیت دەست ئەكەوێ**

**هەم پیاوی دنیا هەم پیاوی ڕێی خوا**

**وەک یار و ناوخۆ لە دوولا لە خوا))**(كاكەی فەلاح:١٩٨٢: ٥٣).

**گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بكەین بۆمان دەردەكەوێت . ئەگەر باوەڕت هەبێ . هیواشت دەبێ، كە بێ باوەڕیش بیت. بێ هیواش دەبیت و هیچت دەست ناكەوێ. ئەبێت مرۆڤ لە دونیادا. دونیا وقیامەت بكات كۆتاییەكەی لە هەردوولا قازانج ئەكات.**

**((لە ئاهو نزای مزڵووم بترسە**

**لەوە بترسە لە خوا ناترسی!!**

**بزانە گەوهەر چۆن بەبەرد ئەشكێ**

**هەرچی بە ئاغا و بە پاشام فێرە))**(فائق هوشیار:٢٠٠٧: ٥٦).

**گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بكەین بۆمان دەردەكەوێت .لە دوعاو ناڵەی لێقەوماو وغەدر لێكراو بترسە، وا بزانە كە تۆ لە خوا ناترسی، بزانە ئەڵماس و یاقوت هەر چەندە ڕەق و قایم بن بەڵام هەمیشە شتێک هەیە دەیان شكێنی واتە تۆ چەندە دەسەڵاتدار بیت هەمیشە خودایەک هەیە لە تۆ بە دەسەڵاتترە .**

**((تا بە چاوی خۆت چشتێ نەبینی**

**چونكە دەور دەوری درۆ و بوختانە**

**ئەوی لە خەڵكا بە عەیبی ئەگری**

**لە قسەی خەڵكا زوو هەڵ مەدەرێ))**(فائق هوشیار: ٥٥:٢٠٠٧).

**گەر سەیری ئەم پەندەی پیرەمێرد بكەین بۆمان دەردەكەوێت. تا شتێک بە چاوی خۆت نەبینی قەت بڕیاری لە سەر مەدە ئەو عەیبانەی لە خەڵک دا هەن زوو بڕیاریان لەسەر مەدە .**

# ئەنجام

١ _ئامانجی سەرەکی لە پەندی پێشینان ئامۆژگاری چینەکانی کۆمەڵگا دەکات.

٢_ گرینگی دان بە بەرهەمەکانی شاعیرەکانمان کە هەر بەرهەمێک مەبەستێکی لە پشتەوەیە کە نابێت فەرامۆش بکرێت .

٣_سوود وەرگرتن لە شیعرەکانی پیرەمێرد کە پەندی پێشینانی لەگەڵ بەکارهێناوە و ڕەنگی داوەتەوە دەکرێت ببێبە ڕێنیشاندەرێک بۆ ژیانمان.

٤ _وردبونەوە لە بەرهەمە ئەدەبیەکان بە تایبەت شیعر و تێگەیشتن لە مەبەستی ئەو شیعرانە.

٥_ ناساندنی شاعیر و بەرهەمەکان تاوەکو نەوەی داهاتوو شارەزایان بێت و بەزیندوویی بمێنێتەوە.

## سەرچاوەکان


١-ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی:د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ: چاپخانەی (دار الجاحظ) :بەغدا: ١٩٧٠

٢-کتێبی کوردی پۆلی ٩ بنەڕەتی:صادق احمد عثمان-نەمام جلال رشید:چاپی یازدەم:٢٠١٧

٣-کەلەپووری کوردی و پەندی پێشینان:محمد عارف مودەریس:چاپی یەکەم: سنە:١٣٨٥

٤-لێکدانەوەی هەزار پەندی کوردی:بەکر کانی هەمزەیی:بەرگی یەکەم:چاپی یەکەم:هەڵەبجەی تازە:٢٠١٥

٥-پەندی پێشینان:شێخ محمدی خاڵ:چاپی دووەم:سلێمانی:١٩٥٧

٦-پەندی کوردی چیرۆکەکەی:عومەر شێخەلا دەشتەکی:چاپی یەکەم:هەولێر:٢٠٠٦

٧-پەندی کوردی هەندێ زاراوەی کوردی-ئینگلیزی:شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن:چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم:چاپی یەکەم:سلێمانی:٢٠٠٩

٨-پیرەمێرد:ئومێد ئاشنا:بەرگی یەکەم:بڵاوکراوەی ئاراس-ژمارە٨٦:چاپی یەکەم:بەغدا:٢٠٠١

٩-مێژووی ئەدەبی کوردی:د.مارف خەزنەدار:بەرگی پێنجەم:بڵاوکراوەی ئاراس-ژمارە: ٣٦٥:چاپی یەکەم:هەولێر:٢٠٠٥

١٠-پەندی پێشینان:عەلی معروف شارەزووری:بەرگی یەکەم:چاپی یەکەم:بەغدا:١٩٨١

١١-پەندەکانی پیرەمێرد:کاکەی فەلاح:بەرگی یەکەم:چاپی دووەم:سلێمانی:١٩٩٥

١٢-پەندەکانی پیرەمێرد:فائق هوشیار:بەرگی یەکەم:چاپی یەکەم:چاپخانەی(الزمن)بەغدا:١٩٩٥

١٣-پیرەمێرد:ئومێد ئاشنا بەرگی دووەم:بڵاوکراوەی ئاراس-ژمارە٩٢٨:چاپی دووەم:٢٠٠٩

١٤-سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد:فائق هۆشیار:بەرگی(١-٢-٣):چاپخانەی شڤان:چاپی دووەم:٢٠٠٧

١٥-دیوانی پیرەمێردی نەمر:محمد رسوڵ:چاپخانەی شڤان:چاپی یەکەم:بەغدا:٢٠٠٧

١٦-گاڵتە و گەپ پیرەمێرد:کاکەی فەلاح:چاپخانەی کامەران:سلێمانی:١٩٧٠.